فەلسەفە بێنینە نێو خەڵکەوە

ژان پۆل ژواری وەرگێڕانی لەفارسییەوە: ئەمیری حاجی موحەمەد

سەردەمێ هەر باسێکی فەلسەفەیی بەم پرسیارە دەستی پێ دەکرد کە چ پێویستیەک بەفەلسەفە هەیە یان چ نیازێ بە ئەندێشەی فەلسەفیە؟ ئەم پرسیارە ئیتر لەئارادا نەماوە، یان بەلانی کەمەوە دەبێ بەشێوەیەکیتر ریزبەندی بکرێت. دەزانرێ کە ئەندێشەی فەلسەفی بەچەمکی تایبەتیو وردی وشە پرسێ نیە کە بەشێوەی راستەوخۆ بتوانرێ دەستی پێ بگەیتو هەر کەسێ لەبواری چەمکە فەلسەفیەکاندا کاری کردبێ پەی بەدژواری ئەم کارە بردووە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە نابێ ئەم خاڵە لەبیر بکەین کە هەر جۆرە چالاکیو کردەوەی رۆژانە هەر چەندەش ئاسان بێت بەناچاری لەگەڵ جۆرێ چالاکی هزریدا هاوجووتە. تەنیا بەشێوەی دەسکرد دەتوانرێ رەفتارە پراکتیکیو کردارییەکان چ لەئاستی یەک تاک، چ لەئاستی یەک چینی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵێک خەڵک، لەچالاکی ئایدۆلۆژیکی جیابکرێتەوە.

کاتێ کە ئێمە کار دەکەین، بە شێوەی لێپرسینەوە یان لێ نەپرسینەوە، بەشێوەی ئاشکرا یان شاراوە، هەمیشە ئەوکار بە ئەم یان ئەو بۆچوون، باوەڕ، بە ئەم یان ئەو ئاکام کە بەهۆی ئەزموونەوە بەدەستمان هێناوە پەیوەست دەکەین.

ئێمە دەمانەوێ ببینین چۆن رەفتارو پراکتیکە رۆژانەکانی مەردم لەبووری ئەندێشەگەلێکی رێکوپێک کراوو سیستەمدراوەوە سەرچاوەی گرتووەو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و ئاڵۆز کۆمەڵێک لەچەمکەگشتیە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئەخلاقیو جوان ناسیەکان تیایدا رەنگ دەدەنەوە.

بەدرێژایی ژیانی یەک تاک یان مێژووی یەک کۆمەڵ، مرۆڤ لەگەڵ سروشتو دەوروبەری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیدا بۆنە جۆراوجۆرەکان جێگیر دەکەن. بەپێی ئەم بۆنانەوەو بەهۆی پێکهاتەی یك کۆمەڵگەو شوێنی هەر تاکێك لەم پێکهاتە، زنجیرە باوەڕو ئەندێشەگەلێك لەزەینی تاك یان یادگەی (حافیچە) کۆمەڵدا بەدی دێت.

مرۆڤ چوارچێوەیەکی دیاری کراوو بزۆك دروست دەکات کە تیایدا دەژین، ئەو چوارچێوەیە کە مرۆڤ دەسازی. بەقسەی (مارکس) مرۆڤ بەو ئەندازەیەی کە دەوروپشت دروست دەکات بەهەمان ئەندازە دەوروپشتیش مرۆڤ دروست دەکات.

ئێمە وردەورد لەنێو ئەو چوارچێوەو دەوروبەرەی کە تیایدا دەژین، واتە واقیعیەتی دەوروبەرمانو ئەو بۆنانەی کە لەم واقیعیەتە کەوتووەتەوە زنجیرەیە چەمکی گشتی پێك دێنین. کاتێ ئەم چەمکانە لەزەینی ئێمەدا جێگیر دەبێ بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی ڕاڤەکردنی تایبەتی لە ئەم یان ئەو رووداو، یان پەچەکردار پیشاندان دەربارەی ئەم یان ئەو پرسە کە سەر هەڵدەدات. ئەو بڕوایەی کە لەم چەمکە گشتیانەوە دروست بوون شتێك نین بەدەر لەو رەوتە واقیعیەی دەوروبەرمان. رەفتارە کردارییەکانمان دەکەونە ژێر کارلێکەری ئەم چەمکانەو لەگەڵ ئەمەشدا چەمکەکان دوای گیرسان، دەبنە بەشێ لە واقیعیەتی دەوروبەرمان.

ژیانی ڕۆژانە پڕە لەو ئەندێشەو چەمکانەی کە خەڵك بە ئەزموون بەدەستیان هێناوە. ئەندێشەگەلێك کە بەروالّەت هیچ پەیوەندیەکی بە بیرەوەری فەلسەفییەوە نیە لە مانا تایبەتیەکەی وشەی فەلسەفەو سەرەڕای ئەمەش مانای قوڵی هەیە. بۆ تێگەیشتنی بابەتەکە چەند نموونەیەکی ڕۆژانە باس دەکرێت.

کەمتر کەسێك هەیە کە ئەم قسانەی نەبیستبێ یان خۆی نەیگوتووبێ: پێنج پەنجەی دەست وەك یەك نین، هەر لەمێژەوە داراو هەژار هەبووە، هەمیشە پیاو لەژن باشترە، ئایا دنیای بێ جەنگ هەم هەیە، کار کەوتنە دەستی خەڵك هەمان پاشاگەردانیو هەمان ئەگەر دەسمز زیاد بێت، هەڵمسان دروست دەبێت، هەندێ کەس هەر بۆ فەرماندەیی دروست بوون، جێبەجێ کردنی ئەم کار پێویستی بە کەسی زیرەکو وریا هەیەو.. هەمووی ئەمانە ئێمە بەو ئاکامە دەگەیەنێ کە ئەم قسانە هەر ڕۆژ بەشێوەی بەڵگە نەویست لەلایەن خەڵکەوە دەگوترێ لەسەر وەها پایەو بنچینەیەکی تۆکمە ڕانەوەستاوە. تەنانەت خۆمانیش ئەمانە بەڕاست نازانینو گوتنی ئەوانەش نیشانەی تێنەگەیشتنیو هەڵچوونە کە بەهۆی زاڵبوونی تەمی کردنە نادروستەکانەوە لەسەر دژ بە زانیاری ڕوو دەدات. لەگەڵ ئەمەشدا بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونە کە یەك ئەندێشەی دروستو واقعی خاوەنی بەڵگەی واقعی نیە دەبێ بڵێین یەك ئەندێشەی نادروستیش بەهەمان ئەندازە بەڵگەی واقعی هەیە کە ئەندێشەی دروست هەیەتی. بنواڕینە ئەو نموونانەی کە باسیان کرا: ئەم بۆچوونو ئەندێشە نادروستانەی سەبارەت بە واقیعیەت لەکوێوە هاتوون؟ لەسەرەتاو پێش هەمووشتێك لەنوری واقیعیەتەوە هاتوون. ئەدی ئەزموونی ئێمەو ئەزموونی پشتاوپشتی پێش لەئێمە چی بووە جگە لەبوونی هەژاریو دەوڵەمەندی، جەنگو خوێنڕێژی، ناتوانایی کۆمەڵایەتی ژنان، پیاوانی مەزنی بڕیاردەرو کۆمەڵی خەڵك کە لەکەرەستە مادیو فەرهەنگیەکانی تایبەت بە چارەنووسیان بێ بەش بووبوونو کام کەس لە ئەم ئەوروپاو دەوڵەتە سەرمایەدانە ئەزموونی یەکسانی هەلەکانی بەدەستهێناوە یان ئەوەی دی بێت کە بە بەرزبوونەوەی ئاستی دەسمزی توانای کڕینی ئەویش بەرزەبووە.

بەتەواوی هەمان ئەزموونی واقعیەتی دەوروبەری ئێمە گوشارمان بۆ دێنێ کە لێکدانەوەو ئەندێشە نادروستەکان بەسەر ڕاستەکاندا بسەپێنین لەهەمان حاڵەتدا ئەم کار لەو نائاگاییە دەکەوێتەوە کەنادروستیە سەپێنراوەکان لەسەر واقعیت تاوەکو ئەمڕۆ بووە بەرهەمی دێنین و پەیتاپەیتا لەبەرهەمهێنانی بەردەوامین. ڕەوتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی کە هۆکاری ساماندارە، وە بەرهێنان، نایەکسانی، سەردەستو ژێر دەستی بەرێوەبردن، هەر وەهاش هۆکاری دەسەڵاتە لەلایەن دەوڵەتو دامەزراوەکان، خاوەندارێتی تایبەتی، ئاکامە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی قازانجی سەرمایەداری، نائاگایی لەکاروکەردەستەو شێوەی گیرسانی هۆش و توانا کانو دەرکەوتنی تواناییەکانی تاك لەڕێگەی بەکارهێنانی پاشماوە فەرهەنگیەکانەوە.

ئەم تێگەیشتنە تەماویە لەواقعیت بەپێی بنەمای دەوروبەری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، هەستیاری، بەشێوەجۆراوجۆرەکان ڕەگی کوتاوە. بە وەتەیەکیتر دەبێ ببینرێ: ئایا دەوروبەر بەم جۆرە چەمکانە دەرفەت دەدات یان نا؟.

ئامانّی بەولایە دەبێ کە وەك بەڵگەنەویست بیسەپێنی یان نا؟ ئایا ئاراستەیەك بۆ جێگای تاك لەپێهاتەی کۆمەڵایەتیدا دروست دەکات یا نا؟.

ئەزموونەکانی خوار تێگەیشتنمان، ڕابوردو ژیاننامەی هەر تاکێکە کە واقعیەتێ دەسازێ کە لەتوێدا ئارامانجی هاوبەشی کۆمەڵی چەکەرە دەکاتو شێوەکانیشی لەگۆڕاندایە.

ئەم ئەندێشەو هزرانە کە ئێمە لەدەروونی واقعیەتی دەوروبەری خۆمانو بەهۆی نائاگایی لە ڕەوەنگەلی کە لێیانەوە ئەم واقعیەتەی ئێستا شێوەی گرتووە بەنۆرەی خۆی ڕەفتارەکانمان ئاراستە دەکەن. ئەگەر هزرکەین هەمیشە وابووەو لەئایندەش هەر وا دەبێ، باوەڕمان هاتبێ سامان، شوێنو پلەی کۆمەڵایەتی، جۆرەکانی دەسەڵات، ئالیەتە ئابووریەکانو هیتر هەتاییەو لەسەرەتاشەوە هەر وابووەو جیهانگیرنیشە کەواتە هەرکەسێ هەوڵدەدات کە جێگایەك بۆخۆی لەم سیستەمەدا پەیدا بکات بێ ئەوەی هەوڵ بدات کە سیستەمێکی دیکە ساز بدات لەسەر پایەگەلێکی دیکە کار بکاتو شێوەی دەسگەیشتن بە بەرهەمەکانی بۆ هەر تاکێ دووبارە داهێنانی بۆ بکرێت.

هەمووی ئەوانە گوترا لە چەمکی زۆر ساکارەکانەو تەنیا پەیوەندی بە ئەزموونو ئەندێشەو ڕەفتارە ڕۆژانەکانی پرایی خەڵکو هەر تاکێکەوە هەیە. لەڕاستیدا ئێمە لەسفرەوە دەستمان پێ کردووە و لەئاستی خوارتر لەئایدۆلۆژیاو سیستەمە تیۆریە گەورەکان. لەگەڵ ئەم حاڵەتەشدا ئەگەر پێشتر وردبینەوە هەمووی ئەم ئەندێشە بچووکانە هزری فەلسەفی گەورەیان تێدایە. سامان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، جەنگ، خاوەندارێتیو توانایی کانی تاکی وەها دەرئەنجامگەلێك هەژمار دەکرێن کە هیچ شتێك ناتوانێ چاکسازی ریشەییان بۆ دابنێو هەموو شتێك بەئەوانەوە بەستراوە.

یانی واقعیت لەچۆنیەتی بنەڕەتی خۆیدا جێگیر، هەتا هەتایی، بەدەر لەکاریگەری بزاوتی شتانە. کە ڕەوتە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکان بەتەنێ لەسەر بزاوتی کۆمەڵگەو بۆنەکانیان کاریگەری هەیە. کە لەپشتی کولانی هەمیشەیی ڕووداوەکانەوە تەنیا یەك پێکهاتەی مرۆڤایەتی جێگیرە کە بەشێوەی هەتا هەتایی بەوێنای جۆراوجۆر سەرهەڵدەدات. ئەمانە ئیتر ئەندێشەگەلێکی ساکارنین بەڵکو تەواو کەمالّ لەئاستی فەلسەفیدا داسەکناون.

بەواتایەکیتر، ورتەورتی هەر ڕۆژ وشەو ڕستەگەلێکی ساکار بەبێ سەرنج ڕاکێشان ئالّوگۆڕدەکرێو لەڕەفتارگەلێك کە بەندە بەوانەوە، دەزگایەکی واقعی تیۆری دەبینین کە بەدەگمەن سەروسامان دراوە یان سیستەماتیك نەبووە، دەزگایەکە دەربڕی جۆرێ بەبۆنەکانە کە لەگەڵ ئەزموونداو بەدەست هاتووەو ئامالە بەرەو ئەوە کە شێوەیەك لەهەڵوێست گرتنە، جۆری پراکتیکی تاکی کۆمەڵی دەسەپێنێ.

لەسەر ئەمە هیچ کەس ناتوانێ لەفەلسەفە هەڵبێت. پرسیش (مسلە) ئەمەنیە کە بزانین ئایا دەبێ فەلسەفە بێنینە نێو خەڵکەوە، ئایدۆلۆژیەکی دیاری کراو هەڵبژێردرێ، باوەڕمان بە سیستەمێکی فەلسەفەی دیاری کراو هەبێت یان نا. هەمووی ئەوانەی کە تاریك ئەندێشانو دژ بە هەزرانیتر دەیخەنە ڕوو جگە لەفێڵبازیو قەڵبەزەنی نەبێ چیتر نیە. واش نیە کە ئەگەر ئێمە ئاگایانەو هزریانە کار نەکەین، پرسە فەلسەفیەکانیش ئیتر خۆیان بەسەر ئێمەدا ناسەپێنن. بەپێچەوانە ئێمە هەروا ناچارین کە ڕووبەڕووی ئەم پرسانە ببینەوەو بەشێوەی نائاگایانەو خۆ بەخۆو بەپێی پێویستیەکانمان وڵامیان دەدەینەوە.

هەندێ ئەم ئاگا نەبوونە بە لوتکەی ئازادی دەزاننو ئێمە ئێستاکە لەدەسەڵاتی سیستەمی ئایدۆلۆژیو تیوریە زۆرداڕەکان قوتار بووین. هەڵبەتە ڕاستە کەوشکی هەر جیهانبینیەکی کە وشکی ڕێکخراوە بەدوگمایی دەرفەت دەداتو لەوانەیە ئالّۆزی واقعی بزاوتی شتەکان لە ئەندێشە بشاریتەوە. ئەم ڕاستیەش هەیە کە نابێ فەلسەفەی ڕۆژانەو بیر لێ نەکراوەکانیش لەجێی ئازادی ڕۆحدا دابنێین، چونکە بیری خۆبەخۆیی ئێمە لەواقعیت هەمیشە لەبەشێ لە کاتو شوێندا جێی گرتووە. واتە ئێمە تەنیا بەپشت بەستن بە ئەزموونی خۆمانەوە هەمیشە بەڕەو ئەوە مل دەنێین نە ئەوەی کە خۆمان دەیبینینو تاقی دەکەینەوە، یانی ئەوەی تایبەتو کاتیە وەك گشتیو هەتا هەتایی دەیزانین. لەگەڵ ئەمەشدا لەبەر ئەوەی ڕاڤەکردنی ئێمە لەواقعیەتی دەوروبەرمان لەسەر زانیاری تیوریەو ئاگایانەش نیە، بەڵکو شێوەی خۆبەخۆیی هەیە، لەئاکامدا لەئەزموونەکانمان هەمیشە ئەندێشەگەلێك دێنینەکایەوە کە لەپێشدا دروست بووەو ئێمەشیان ئابلوقەداوە، ئەندێشەکان بەوجۆرەی کە لەجیهاندا هەیە گەشەیان کردووەو بەپێی پێداویستیەکانی بزاوتی جیهانی، دژ بەیەکە واقعیەکانیو توانا و ئیمکاناتە بەهێزەکانی دەشارێتەوە. ئەم جۆرە چەمکانەیە لێیانەوە وەك عەقڵی ساغ یان تێگەیشتنی گشتی ناو دەبرێو شتێك نین جگە لەئەندێشەگلێکی حازرو ئامادە کە هەم بەزانین هەم بەتەمومژەکان خۆراك دەدنو بانگهێشتی پاراستنی ئەم کاودانەش دەکەن.

لەبەر ئەمە چەمکە خۆبەخۆییەکان بەمانای چەمکگەلێکە کە بەشێوە سیستەماتیکیو تێۆڕەرانە بیرمان لێ نەکردووەتەوەو بەئاکامی بەلگە نەویست یان ساکاری ئەزموونی خۆمان دەژمێردرێ قەت نەخۆبەخۆییەنو نە بەخۆڕایی پێمان دراوە. هەوڵی ئەم چەمکانە بەرهەم دانە ژیانی دەوروبەرە. ئەم چەمکانە بەهۆی دودڵیو ترسی ئێمە سەبارەت بە شتە تازە گیرساوەکانو هزرە گۆڕاوەکانەوە بەدی دێن.

ئەم جۆرە ئازادیە ڕۆژانەیە خۆی لەخۆیدا جۆرێ کۆیلاتیەو بیردۆزە گەورەکانیش کە خۆیان بەوێرانکەری تیۆریەکان دەزانن لەهەمانکاتدا گەورە وێرانکەری وەری ڕەخنەگری و چالاکیشن.

بەم بەڵگەیەیەکە کە بیردۆزەکان هەر ئاگرێ لەجەستەی هەر جۆرە ڕەخنەو هەر جۆرە فەلسەفە بەر دەدەن دەماودەم گڕی بەرز دەکەنەوەو خۆیان بەخاوەنی پاراستنی هێمنی، کۆمەڵایەتی دەزانن. ئەم دووە هیچ نەبێ خاوەنی دوو ڕووی هاوبەشن لەلایەکەوە دەیانەوێ ئەم کاودانەی کە هەیە هەتا هەتایی بێت لەلایەکیتریشەوە خنکاندنی هەر ئاوەزەیە کە پەیامی گۆڕانکاری هەڵگرتووە.

بۆ ڕەها بوون لەم قۆناغە بەتاڵە دەبێ پرسەکە بەشێوەیەکیتر بخرێتە ڕوو. پێش ئەوەی بەدوای ئەوەدا بین کە ئایا دەبێ دەستکەین بە فەلسەفە، دەبێ یك ئایدولۆژی هەڵبژێردرێ یانە، دروستر ئەمەی دەستکەین بەشیکردنەوەی شێوازێك کە لەسەر بنەماکەی خەڵك وردەوردە لە بارسایی ئەم فەلسەفەیە تێبگەیەنن چۆن لەم چوارچێوەیەدا چەمکە ڕۆژانەکان دەتوانین وردتر شێواز بدەین تەنیا بە ئیرادەیەکی پۆلاییەوە لەم پرسیارە پێویستە کە دەتوانین باسو توێژینەوەیەکی بەسوود دەربارەی مارکسیسم ببەینە پێشەوەو کاریگەری بخەینە سەر ڕەوتە گۆڕاووەکان.

پۆژش

٧

لەژمارەی ڕابردوودا بابەتی تەکنەلۆژیا لەگەڵ کەلتووردا گونجاوە بلّاوکرابۆوە، بەلّام لەمۆنتاژ کردندا ناوی نووسەرو وەرگێڕەکەی پەڕیبوو. لەکاتێکدا داوای بووردن دەخوازین، دیاری دەکەین نووسینەکە هی نووسەری ئێرانی (شاپوری ئیعتیماد) بوو، کاك (ئەمیری حاجی موحەمود)یش وەریگێڕابووە سەر زمانی کوردی.

گەر هۆنەر مر!

فەهمی سلێمانی

سەمفۆنیێن وندواو
فیتیا.....
تەف سیپەلێن دەریا
دەنگێ شالیلو بلبلا
ڤێجە چاوا تەف دێ مرن!؟
گەر ئەو مرن.....
هۆنەر ژمر...!
گەر بابەلیسکێن پاییزا
هەمی باخچو دارستان
هێلانە رویت....
دزکێ ئەڤی چەرخێ
هۆ ئافس دا!
یێ مری زا!؟
ئەو دەرونێ..
پرتو بەلاف..!
هەڤەسیا..!
ژشەرمادە..
ئاسمانی...
پەلێن خوە وەرێپچا!
تافێ رویێ خوە وەرگێڕا!
یێدی دێمێ، ئەڤێ خاکێ
ماچی نەکر....!؟

مزگەفتو کە نیشتا
دەرگەهێن خوە....
پێکڤە دادا..؟!
دوعا هەمی ژ ئۆزۆنێ
دەرباس نەکر..!
گوهنەدا وان..
سەمفۆنێ ێین وندا!
وەکی روبارەکێ ئێتیم
بەرەو دەریا..!
گەر ڤیانو ئاشتی هەبت
هۆنەر هەردەم دایکە!
گەر هۆنەرێ دوژمن نەب
هەڤاڵ دینو زانا بت!
تەف هەژارێن کولودەردا
ب وێ پێکا.....
ناف دویکێلا...
قەلوینێ دا...
مایە وندا....
نەتا جەکا....
شاهێ عەجەم..
نەئۆلیەکا وەکا دم دم!!
هەمی زێرو گەوهەربتن
ئەو دلێ گەنجو کالە مێرا!؟
شانابتن.....
تێر نابین...
لڤێ چەرخێ بەرۆڤاژی؟

بیابانوو چیا....
دۆزەخو فیردەوس.
بەفرو ئاگر...
مرنو ژین....
بشکورینو گری.
چەژنو تازی..
شەرو ئاشتی..
ئەڤە هەمی...
هەڤپشك ببن..؟!
تەنێ هۆنەر ئێکانەیە!!!
مینا یەزدانێ ئامادەو
یێ بەرزەیە....!
یێ بەرزەیە....!

٧-٤-٢٠٠٦
سلێمانی

من ئەف هۆزانە ڤەو ژارت ژ پەخشانا
پەرتوکا مخابن ل سەر شەهیدێ
هۆنەرمەند عبدالواحد زاخویی ل
سالا ٢٠٠٠ من هینابو خوار ئەو
پەرتۆك ژ بەر هەڤکاران لقمان
ئاسیهیو بەشیر مزوری، ژ بەر گرنگی
یا وێو بەلاڤ بونـاوان پەیڤا لسەر
زارێ هەلبەست ڤانا.